# پێڕست


## ڕاپۆرەهەواڵ

٢ چیرۆکی فۆلکلۆری خورشیدێ چاڤ ب خال لە سینەمادا
٤ ئەنتێنا ئومێدی گەڕانەوەی پیرێژنێک بۆ منداڵی
٥ ڕۆژین لە بەندینخانەوە بۆ دوودڵی و تۆڵەسەندنەوە
٦ ئاوێنەیەک حیکایەتی لەت لەت بوونی خۆی دەگێڕێتەوە
٧ وڵاتی قارەمانان، وڵاتێکی وێران
٨ هەتا ڕەنگی ڕەش نەبینی نازانی ڕەنگی سپی چۆنە

## ئەدەب و سینەما

١٠ ژانری داستانی لە ئەدەبیاتەوە بۆ سینەما
١٨ وێنە لە ڕۆماندا، وێنە لە سینەمادا
٢٠ ئەدەبیات و سینەما؛ پەیوەندییەک بۆ هەموو وەرزەکان
٢٤ مارکیز... ڕۆمانووسێک لەسینەمادا
٢٧ پەیوەندی نێوان سینەما و ئەدەب، پەیوەندییەکی هەمیشەزیندوو!
٣٠ ڕۆمان و سینەمای هاوچەرخ
٣٢ فەلسەفەو شانۆی شکسپیر لە سینەمادا
٣٤ ئیقتیباسی ئەدەبی لە سینەمادا
٣٨ لە نێوان سینەما و ئەدەبدا گرەو تەنیا لەسەر کاتە
٤٠ دەسەڵاتی خەیاڵ و دەسەڵاتی وێناکردن
٤٤ ئاگادارییەک

## دیمانەو بەدواداچوون

٤٦ دیدار لەگەڵ هونەرمەند جیهاد دڵپاک
٥٢ سدیق بەرمەک، دەرهێنەری فیلمی (ئوسامە) بۆ گۆڤاری فیلم:
٥٨ ڕیکلامی فیلمە سینەماییەکانی جاران و خولەی مەلاژن

## هونەرەکانی فیلمسازی

٦٤ هەنگاوە بنەڕەتیەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکۆمێنت
٦٦ نواندن لەسینەمادا
٦٨ حەوت مەرجە ئاڵتونیەکەی ئەرستۆتڵ دەربارەی گێڕانەوەی چیرۆک
٧٤ ماکیاژ لە سینەمادا

## سینەمای جیهانی

٧٦ توند وتیژی لەهەموو فیلمەکاندا ئامادەییان هەیە
٧٨ ئالیس گای بلاش خەونی بەفیرۆچووی سینەما
٨٠ سینەمای سینیگال، ئیبراهیم و بازرگانییە بچووکەکان

## گشتی

٨٤ ئەکتەرێکی سینەمای ئێران، ڕەگەزی خۆی گۆڕی!
٨٥ یەکەمین فێستیڤاڵی فیلمی ئەنفال لە گەرمیان
٨٦ ئیستاتیکا و سینەما
٨٨ تیۆری فیلمی فێمێنیستی
٩٢ سینەما، پەنجەرەیەک بەسەر ڕاستی ئێراندا
٩٥ سینەما ئاوێنەی منداڵییە
٩٨ ژانر و تایبەتمەندییەکانی
١٠١ کێشە و ئازارەکانی کورد لە سینەمای جیهانیدا





فۆتۆی بەرگی یەکەم: مللەت هەوری


**ژمارە ( ٤ ) تەمموزی ٢٠١٠**
گۆڤارێکی تایبەتە بە بواری فیلمسازی
بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی
دوو مانگ جارێ دەریدەکات.
بە ژمارە (٢٦٨) سەندیکای
ڕۆژنامەنووسانی کوردستان متمانەی پێداوە.

**خاوەن ئیمتیاز**
ئازاد سەوزە
**سەرنووسەر**
کەریمۆک
**ڕاوێژکاری گۆڤار**
فەرزین کەریم
کاوە قادر
**زمانەوانی**
حەمە عەباس
**تایپ**
دلۆڤان حسێن
**لۆگۆ**
حەمید ئازمودە
**سەرپەرشتی چاپ**
ئومێد محەمەد
**چاپ**
چاپخانەی پیرەمێرد
**هاوکارانی ئەم ژمارەیە**
ڕەزا عەلی پوور
عەتا ئەحمەد
**بۆ پەیوەندیکردن**
kerimokc@yahoo.com
٠٧٥٠٤٦٦٦٨٣١
٠٧٧٠٢٤٨٦٦١٧
**نەخشەسازی**



blue DESIGN
00964 750 737 4444
Blue7374444@gmail.com



**گۆڤاری فیلم لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە**
www.tasima.ca
**ناونیشان**
**سلێمانی** – شەقامی سالم – تەنیشت بازاری شانیل

# چیرۆکی فۆلکلۆری خورشیدیێ چاڤ ب خال لە سینەمادا

بەرەڤان ئەحمەد/ دەهۆک
فۆتۆ: مللەت هروری

لە بەهاری ئەم ساڵ تاکە دەرهێنەرێ ژن لە بادینان دەست بە وێنەگرتنی فیلمەکێ کلتوری کرد لدور «ئەشقا کچا ئاغایەکێ کورد بو ئازادیێ».

دەرهێنەر (ڤیان مایی) دبێژیت «چیروکا ڤێ فیلمی ژ سترانەکا کەلەپوری کوردەواری هاتیە نڤیسین ژ لایێ برایێ وێ (جەعفەر مایی) ڤە ل سالا ١٩٧٨ێ و دەمی وەک زنجیرە دراما ل رادیوا کوردی بەغدا هاتیە دروستکرن ڤیان ب رولی سەرمیخانی رابوو.

ئەڤە چارەمین فیلمە ڤیان مایی ل کوردستانێ دروست دکەتن پشتی ڤەگەریانا وێ ژ وەلاتی سوید، فلمێن ڤیانی (گەڤوکا سپی، مەرگ و ناموس، دیدارەکا بێ ژڤان و یێ نها سەرمی).

زیدەتر ژ ٥٠ ئەکتەران بەشداری د فیلمێ (سرمی) دا کرینە لە باکوری کوردستان، دیاربەکر، ئەستەمبول، ئەلمانیا و باشوری کوردستانێ، هەروەها ئەم فیلمە لە ناوچەی لالش، بارزان، قەلای هەولێر و بەهدینان هاتیە وێنەگرتن.

لەم فیلمەدا هونەرمەندی گۆرانبێژی دیار (دیار دێرسیم) ب رولی سەرەکی ئانکو «خورشیدیێ چاڤ ب خال» رابوویە و سترانبێژ زوزان ب رولی هەڤژینا میرێ و سیپەل ئەردوغان ب رولی کچا ئاغای رابوویە.

دەربارەی گرنکیا ڤی فیلمێ ڤیان مایی دەڵێت «بدیتنا من بو پاراستنا هەبوونا مە ئەڤ جورە فیلمە گرنکن، چونکە گەلەک پێلانین هاتنە دانان کۆ مە وەک میللەت ژ ناڤ ببنە لی بەرخودانا میللەتی مە و ئەشقا مە بو ئازادیێ ئەم پاراستنە، ئیدی هەمی چیروک، داستان، لاوک و حەیران، گەر ببنە فیلمێن سینەمای هەر تاکە کوردەک ل کیرا جیهانی بیت دی ب خوە شاناز بیت».

ئەڤ فیلمە باسێ داستانەکا کوردەواری دکەتن کو دناڤبەرا میری ئیزدیان، ئاغایەکی کوردان ل باکور کوردستانێ و میرەکێ عەجەمان رویدایە.

ڤیان دبێژیت « خلیل ئاغا میرەکی کوردە دەخوازێت کچا خوە سەرمیخانی بدت میری عەجەمان بو پاراستنا دەستهەلاتا خوە، بەلی کچا وی ئاشقا «خورشیدیێ چاڤ ب خالە»رازی نابیت سەرمیخان دا خۆ قورتال بکەتن و شوی ب کوری میری عەجاما نەکت پەنای دەبیت بەری میری ئیزدیان لە باعەدری، میری عەجەمان هێرش دکەتن میری ئێزدیان و شەر دناڤبەرا وان دا پەدا بیت».

هەروەها گۆتیش»من ڤیا رولەکێ باش بدەم میرین ئیزدیان و ئەو چەندە ژی راستیەکە و ئیزدی ئەسل و هەبون و دیرینیا میللەتی کوردە، سمبولا ڤی فیلمێ دبیت «هزر پاک» کاری چاک».

لدور پەیاما خوە ژ فیلمی گۆت «من ڤیایە دڤی فیلمی دا دیار بکەم کا مرۆڤ چەند دەشێت خوە ب گهوریت و چەند ئێتە گهوراتن د ژینگەها ئەم تیدا دژین».

پشتی چەندێن رۆژین کارکرنی فیلم ژ قوناغا وێنەگرتنی ب دوماهیک هاتیە و دێ ل ڤان نێریکان دەست ب موزیک و مونتاژی ئێتە کرن.

لدور وێ چەندی ئایا وەزارەتا رەوشەنبیری یارمەتی داوە؟ ڤیان دەڵێت «بەداخەوە تا ئیستا هیچ یارمەتیەک بو فیلمەکانی خوم وەرنەمگرتوو بەڵام زۆر زۆر سوپاسی پارێزگەها دهوکێ دەکەم بو یارمەتی ئابوری، هەروەها سوپاسی هەموو خەڵکی دهوک بە تایبەت پولیس، موزخانەی قەجاخ و رێڤەبەریا ئاکنجیبوونی».

ڤیان مایی دەرهێنەر وەک ژنەکی ئەکتیف لە بادینان ناسراوە و فلمەکانی لە چەندین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی بە ناوی کوردستان بەشدار بوونە و هەروها لە ناوەوە و دەروە بووتە خاوەن خەلات.

ستافی ئەم فیلمە بریتین لە رێڤەبەرێ وێنەگرتن (فکری بەرۆژی) و وێنەگرتن (هاوکار فرهاد) و یارمەتیدەری دەرهێنەر (سەربەست رەزا گەرمیانی)، کاری مۆنتاژیش لەلایەن (دەرباز و هیسۆس) ئەنجام دەدرێت.

لە گەڵ چەندێن هونەرمەندیتر کە لەبواری دەنگ و رووناکی و کارە هونەریەکانیتر بەشداریان کردووە بۆ سەرخستنی ئەم فیلمە. هەروەها راوێژکاری فیلم بۆ کاروباری ئێزیدی (خەیری بوزانی) و بۆ بابەتی مێژوویی (د. سەلاح هروری) مامۆستای زانکۆی دەهۆک و (جەعفەر مایی) بۆ زمان و جڤاکی، لەم فیلمەدا کاریان کردووە. ماوەتەوە بڵێن ئەم فیلمە ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژ دایە.







# ئەنتێنا

## ئومێدی گەڕانەوەی پیرێژنێک بۆ منداڵی

مرۆڤ بونەوەرێکی پڕ لە ئومێدە، ئومێدی درێژەدان بە ژیان و بەرگریکردن لەپێناو مانەوەیدا، دەشێ ئەمە ناوەڕۆکی کورتە فیلمی (ئەنتێنا) بێت، چونکە لەوێ پیرێژنێک ئەگەرچی بەشی زۆری تەمەنی رۆیشتووەو کەمی ماوە، بەڵام دەستەو ئەژنۆ دانانیشێ، ئەوەتە بەتاقی تەنێ لەگوندێکی دوورەدەستدا بەردەوامی بەژیانی دەدات و دەست و پەنجە لەگەڵ سەختی زستان نەرم دەکات.

لە کاتێکدا خۆی دار بۆ سۆپا دارینەکەی کۆدەکاتەوە، هەندێجاریش دەیەوێت بەنێو دونیایی منداڵی گوزەر بکات، سەیرکردنی فیلمکارتۆنی تۆم و جێری لەژوورە تەنهاکەیدا یارمەتیدەرە بۆ گەڕانەوە بۆ منداڵی، ئەو منداڵییەی بەهەر هۆیەک بێت لەدەست چووەو ناگەڕێتەوە. بەڵام پچڕانی کارەبا لە چاوەڕوانی دەیهێڵێتەوە، چاوەڕوانی هاتنەوەی کارەباو سەیرکردنی تۆم و جێری، بەڵام کەش و هەوا و بەفر وبارین رێگە نادەن کە ئەنتێنی تەلەڤزیۆنە رەش و سپییەکەی جێگیر بێت و فیلمەکە ببینێ، دوای ئەوەی کە بارودۆخ ئارام دەبێتەوەو ئەویش بەتاسەو حەزێکی زۆرەوە بەرامبەر تەلەڤزیۆنەکەی دادەنیشێت و هەنگاو بەهەنگاوی فیلم کارتۆنەکە رەنگدانەوەی پۆزەتیڤی لەسەر دروست دەکات، دوای چەند چرکەیەک دیسان کارەبا دەبڕێتەوە و هەموو شتێک خامۆش دەبێت و ئامانجە جوانەکەی پیرەژنیش بەدی نایەت و جارێکی تر خەم و پەژارەو تەنهایی دوور لە مێردە مردووەکەی هێرشی بۆ دێنێ. بۆیە رۆدەچێتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ و جارێکیتر خۆی بۆ بەیانی بۆ هەمان مەبەست، ئامادە دەکات.ئەم چاوەڕوانییە دەبێتە چاوەڕوانی بینەرانیش کەکۆتایی فیلمەکەیە.

ژانری ئەم فیلمە (دراما و کۆمێدی)یەو لەسیناریۆ و دەرهێنانی (عەدنان عوسمان)ەو بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانە. وێنەگرتنی (محەمەد جانۆ) و مۆنتاژی (رەجەب ئەحمەد)ە. (ئیبراهیم رەمەزان)یش وەک یاریدەدەری دەرهێنەر و بەڕێوەبەری بەرهەم کاری لەو فیلمەدا کردووە. هەروەها یاریدەدەرانی وێنەگر (سیروان گلی و رێکار عەدنان)ن.

ماوەتەوە بڵێین ئەم فیلمە ماوەکەی (١٢) خولەکەو بەشداری فێستیڤاڵی دیاربەکری کردووەو بڕوانامەی رێزلێنانی لەلایەن ئەو فێستیڤاڵە پی بەخشراوە، هەروەها وەک دەرهێنەر دەڵێ تائێستا بۆ کۆمەڵێ فێستیڤاڵە جیهانییەکان رەوانەکراوەو چاوەڕوانی وەڵامین.





# رۆژین

## لە بەندینخانەوە بۆ دوودڵی و تۆڵەسەندنەوە




(رۆژین) ناونیشانی تازەترین کورتەفیلمی (چیمەن رەحیمی)یە دەرهێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان، کە ساڵانێکی زۆرە لە بەریتانیا دەژی و سەرقاڵی کاری فیلمسازییە. چیرۆکی فیلمەکە باس لەژیانی پەنابەری و بەشێک لە یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ڕوژهەڵاتی کوردستان دەکات کە بە تۆمەتی شەرەف و دەستدرێژیی، لە زیندانەکانی ئێران رادەکات، دواتر بەهەر جۆرێک بێت لە لەندەن دەگیرسێتەوەو بە ئازادی ژیان دەگوزەرێنێ، دوای چەندین ساڵ کارکردن لەیەکێک لە هۆتێلە بە ناوبانگەکانی ئەو شارەدا. بە ڕێکەوت تووشی پیاوێک دەبێت کە بووەتە میوانی هۆتێلەکە. ئەو پێیوایە ئەو پیاوە باش دەناسێت، هەوڵ دەدات زانیاری دەربارەی بە دەست بێنێت. بەڵام



کاتێکی زۆری لە بەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لەوەی ئەو پیاوە ئەوەیە کە ئەو مەبەستیەتی. چونکە پیاوەکە راگوزەرەو رەنگە بڕوات، لەم نێوەدا ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێیەکی دژوار دەبێت، چونکە دەبێت لە ماوەیەکی کەمدا بڕیار بدات، ئەگەر نا ئەو پیاوە بۆ هەتا هەتایە گووم دەبێت.

رۆژینی پاڵەوانی فیلم بیر دەکاتەوە ئایا دەبێت تۆڵە بکاتەوە؟. ئایا وەڵامی توندوتیژیی بە توندوتیژیی بداتەوە؟ یان هەوڵبدات هەموو شتێ لە بیری خۆی بباتەوەو دەستبەرداری ئازارەکانی رابردووی بێت. لە بەردەم ئەم پرسیارانەدا دۆش دادەمینێت، ئەمەش دەبێتە کرۆک و فەلسەفەی گشتی ئەو ململانێ دراماییەی لە کورتە فیلم (رۆژین)دا هەیە.

رۆژین کورتەفیلمێکی١٠ خولەکییە، لەلایەن BIFA-nominated Poisson Rouge Pictures بەرهەمهێنراوە، بیرۆکەکەی هی خودی دەرهێنەر خۆیەتی و لەلایەن نووسەری بەتوانا تۆبی نۆروەی- Toby Norway سیناریۆکەی نوسراوە. نواندنی شیڤانی گایی و ڤنسینزۆ نیکۆلی یە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرانی بەریتانی نواندنیان تێدا کردبوو. هەروەها سەرجەم کارە هونەریەکانی ئەم فیلمە وەک (سینەماتۆگرافی و مۆنتاژ و دەنگ و ڕووناکی و جلوبەرگ. هتد) لەلایەن هونەرمەندانی بەریتانی ئەنجامدراوە.

ئەم فیلمە ئێوارەی رۆژی ٢٠١٠/٦/٢٣ بۆ یەکەمجار لە ستۆدیۆی فیلم لاب لە ناوچەی سۆهۆ لە لەندەنی پایەتەخت، بەئامادەبوونی کۆمەڵێک هونەرمەندان و هاوڕێیان و ژمارەیەکی بەرچاو لەبینەرانی بەریتانیا نیشاندراو لەبەر زۆری ئامادەبووان دووبارە کرایەوەو مشتومڕی لەبارەوە کرا.

ئێستا فیلمەکە ئاراستەی فێستیڤاڵە جیهانییەکان کراوەو لەچاوەڕوانی وەڵامدایە.

# ئاوێنەیەک

## حیکایەتی لەت لەت بوونی خۆی دەگێڕێتەوە



ئەگەر کورتە فیلم وێستگەی پەڕینەوەبێت بۆ دروستکردنی فیلمی درێژ، ئەوە دەرهێنەر (شەهرام عەلیدی) دوای بڕینی ئەو وێستگەیە، جارێکیترو بەشێواز و دەربڕینێکی سینەمایی، لەدوای فیلمی بلندی (سرتە لەگەڵ با)، لە ئەزمونێکی تازەدا دێتەوە لامان، کورتە فیلمی «قەسیدەی ئاوێنە» کە دووەمین فیلمە لە سێ کۆمەڵە کورتە فیلمی ئەزموونی «چوارینەی ئاو»و «قەسیدەی ئاوێنە» و «غەزەلی رووناکی» کەوەک خۆی دەڵێ: «بیرۆکەی سەرەکی فیلمەکان گوزەرکردنە بەنێو رۆحی ئەو ماتریالە بێگیانانەی



گوزارشتن لەپاکی، وەک ئاو و رووناکی. کە بەزمانی ئەوان و لە دیدی ئەوان بەشێوازێکی سوریالی و لەروانگەیەکی شاعیرانە چیرۆکی خۆیان بەیان دەکەن».

«قەسیدەی ئاوێنە» چیرۆکی لەتە ئاوێنەیەکی شکاوە کە لە دەستەکانی منداڵێکدا حیکایەتی تەنهایی و جودایی دەگێڕێتەوە، حیکایەتێک دەشێ بەزمان و ئاخاوتن پەی پێ نەبەین، بۆیە دەرهێنەر لەو ئەزمونانەیدا دوور دەکەوێتەوە لە دیالۆگ و دەڵێ رەگی من لە شێوەکارییەوە سەرچاوەی گرتووەو سینەماش زمانی وێنە و شێوەکارییە، کە زمانی هەموو سەردەمەکانە.

ئەم کورتە فیلمە ئەزمونییە، گێڕانەوەیەکی ئازادە لە یەکێک لە شیعرەکانی (مەولانا)ی شاعیری ناوداری ئێرانی کە بە شێوەیەکی ئابسترە و ئەزمونی لە لایەن دەرهێنەری ناوبراو کاری تێدا کراوە. ئێستا دوای تەواوبوونی دوایین قۆناغەکانی مونتاژ و دەنگدانان، ئامادەی نمایشە.

بەرهەمهێنەری «قەسیدەی ئاوێنە» لە ئەستۆی «مرکز گسترش سینمای مستند و تجربی ایران»دایە و هەر وەکو فیلمەکانی دیکەی ئەو سێ کۆمەڵە فیلمە، کەشوهەوایەکی تەواو دیمەنی و گرافیکی هەیە، کە تەواو پشت بەستراوە بەهونەری شێوەکاری، چونکە خودی دەرهێنەر بڕوانامەی لەبواری شێوەکاریدا هەیە، ئەم رەنگدانەوەیە بەسەر کارەکانی پێشووی دەرهێنەر بەئاشکرا دیارە. سەبارەت بەوەی لەدوای دروستکردنی فیلمی بلند جارێکیتر کورتە فیلم دروست دەکەی، (شەهرام)ی دەرهێنەر گوتی: «لەنێوانی کارکردن لەفیلمێکی درێژ بۆ فیلمێکیتر، دەشێ کاری لەمشێوەیەش ئەنجام بدەم، چونکە ئەم بیرۆکانە ناشێ لەچوارچێوەی خەیاڵدا بمێننەوە، پێمخۆشە ئەم بیرۆکانش ئەزمون بکەم».

قەسیدەی ئاوێنە لەلایەن (ئەمیر عەلی وەیسی) وێنەی گیراوەو (حوسێن قوورچیان)یش دەنگی بۆ فیلمەکە دانەوە، هەروەها کاری مۆنتاژیشی لەلایەن (کامران جاهیدی) ئەنجامدراوە. بەرپرسی بەرهەمی ئەم فیلمەش (فەرهاد چودەریان)ە.

بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی گشتی (مەنسوور جیهانی و مەنووچێهر جیهانی)یە

بۆ تەواوکردنی کورتە فیلمەکانی تریش شەهرامی عەلیدی بەگۆڤاری فیلمی راگەیان کەوابەنیازە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە سازکردنی کورتە فیلمی «غەزەلی رووناکی» بکات.







# وڵاتی قارەمانان،

## وڵاتێکی وێران

فیلم/ زاخۆ

«وەلاتێ قارەمانـا» ناڤێ فیلمەکێ نوی یێ دەرهێنەرێ کورد (بەلجیکی سەهیم عومەر خەلیفە)یە کە ل مانگی شەشی ئەم ساڵ لە پارێزگای دهوکێ بەوێنەگرتنی کرا.

دەرهێنەر سەهیم عومەر لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری (فیلم) راگەیاند: ئەم فیلمە باسی تەئسیرا پروپاگندا میدیایێ لە سەر وان زاروکان یێن ل سالا ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ شەری (عیراق-ئیران) تەماشەی تەلەفزیونی دکرن.

هەروەها ئاشکراشکر کە ستافێ تەکنیکی فیلم هەمی بەلچیکی نە و ئەکتەر خەلکی کوردستانن و ئەم فیلمە لە لایەن کومپانیا (vaf) یا بەلچیکی دئیتە چێکرن کە لدورین ١٠٠ هزار دولار دێ لی ئێنە مەزاختن.

ئاشکراکر کە مەبەستا وی ژ ناڤێ وەلاتی قارەمانا پیچەوانەی یە ئانکو رەخنەکا نە راستەوخویە و سیناریو وی ب خوە نڤیسی یە و ئەڤ کورتە فیلمە رەنگە ماوی بیت ٢٠ تا ٢٥ خولەک.

گۆتیش»ئەمە ئیکەمێن فیلمێ من یێ پروفیشنالە، پشتی ماستەر ل سالا ٢٠٠٨ی وەرگرتی ل بەلچیکا».

سەهیم عومەر خەلیفە ١٩٨٠ ل زاخو هاتیە دونیایێ، و ٢٠٠١ێ چوو بەلچیکا و ل ٢٠٠٨ی ماستەر ب دەرهێنانی ب کورتە فیلمێ نان ل بەلچیکا بدەست ئینات.



# لە فیلمی دۆکۆمێنتی ژینگەدا

# هەتا ڕەنگی ڕەش نەبینی نازانی ڕەنگی سپی چۆنە

گرینگدان بە ژینگە، لەهۆشیارییەوە سەرچاوە دەگرێت، مرۆ کە لەخەمی پاکڕاگرتنی ژینگەی خۆیدا نەبێت، واتە ژیانی لامەبەست نییە، بۆیە کەهونەرمەندێک کار لەسەر ژینگە دەکات، مایەی پێزانینە.

(ژینگە)، فیلمێکی دۆکۆمێنتییەو یەکەمین کاری دەرهێنانی (سەباح ئەحمەد)ە، لە کوردستان و سوید و دانیمارک و چەند شوێنێکیتر وێنەی گیراوە، دەرهێنەر وەک خۆی دەڵێ من وەک ژینگەپارێزێک ئەمجارە ویستم لەرێگەی کامێرەوە کار لەسەر ژینگە بکەم، چونکە لەم رێگەیەوە زۆرترین بینەر دەیبینێ و کاریگەریشی زیاترە، ئامانجی سەرەکی ئەم فیلمە ئەوەیە کە خەڵک هەست بەگرنگی پاکڕاگرتنی ژینگە بکەن و کاربکەن بۆ پاراستنی).







سەبارەت بەوەی چۆن بیرتان لەو پرۆژەیە کردەوە، دەرهێنەری فیلمی دۆکۆمێنتی (ژینگە) دەڵێ (لە ئەنجامی کارکردن لەگەڵ چەند ستافێکی فیلمسازی جیاجیای بیانی و کوردی، بیرۆکەی کارێک بۆ خزمەتکردنی ژینگە لە ناخمدا دروست بوو، هەوڵمدا لەڕێی کامێراوە هەندێک لەو هۆکارانەی پیسبوونی ژینگەی کوردستان بخەمەروو، پیسبوون زۆرە بەڵام هەندێک پیسبوون لەمڕۆدا کە لەئاستی ڕۆشنبیریمان کەم دەکاتەوە، ئەویش فڕێدانی خۆڵ و خاشاکە لە شوێنی گشتیدا). هەروەها دەرهێنەر لەبەشێکی قەسەکانیدا گوتی (هەر چەندە بۆمن تاڕادەیەک سەخت بوو کە کارێک بکەم جیاوازتر لەو کارانەی پێشووم کەلەسەر ژینگە کردومە، بەڵام دڵسۆزی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی کە هاندەرێکی باشبوون و مەسەلەی ژینگەیان بە بابەتێکی گرنگزانی، تونرا کارەکە ئەنجامبدەین). سەبارەت وێنەگرتنی بەشێکی فیلمەکە لەدەرەوەی کوردستانیش گوتی (وتەیەک هەیە دەڵێت هەتا ڕەنگی ڕەش نەبینی نازانی ڕەنگی سپی چۆنە. بۆیە بەشێکی دیمەنەکان لە دەرەوە وێنە گیراون، بۆ ئەوەی بزانین هەستی هۆشیاری ژینگەیی لە دەرەوە چۆنە و لە کوردستان چۆنە، ئەم بەراوردە هەر لەسەرەتاوە مەبەستم بوو لە کارەکەدا هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەبواری هۆشیاری ژینگەی و لە بواری پەروەردە و دەروونناسی ئەنجامداوە).

ئەو دۆکۆمێنتارە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانییە و (عەبدولرەحمان محەمەد) وەک بەڕێوەبەری بەرهەم و یاریدەدەری دەرهێنەر لەو فیلمەدا کاری کردووە، وێنەگرتنی فیلمەکەش لە کوردستان خودی دەرهێنەر و لە سوید (یوهان هۆڵمڤێست) و لە نەرویج (ساکان عارف) بووە. مۆنتاژی ئەم فیلمەکەش لەلایەن (ئەحمەد مەحمود) ئەنجامدراوە.

(داناعومەر)یش وەک یاریدەدەری دەرهێنەر و (ئیبراهیم مەجید و سەلام ئەحمەد)یش کاری کۆمێنتیان کردووە و لەلایەن (پێشڕەو تەڕەماری و بەیان محەمەد)یش کاری خوێندنەوەی بۆ کراوە. هەروەها مۆسیقاو تۆمارکردنی دەنگیش لەلایەن (سورێن ناتق) جێبەجێکراوە. (کرمانج فەرەج) تێکستەکانی داناوەو کاری وەرگێڕانیش لەلایەن (کاروان عارف و هەڵگورد ساڵح) بووە.

ئەم بەرهەمە لەماوەی پێشوودا بۆیەکەم جار لە تەلەفزیۆنی کوردسات و گەلی کوردستان پەخشکرا.